چاوپێکەوتنی مەهاباد قەرەداغی لەگەڵ ڕۆژنامەی سەربەخۆی ستۆکهۆڵم

( Stockholms Fria tidningen )

**سازدانی**: Anna Larsson **ئاننا لارسۆن**

**وەرگێڕانی**: **پەخشان بابان**

# مەهاباد لەبارەی یەکسانییەوە لە کوردستان ڕاوێژی پێ دەکرێ



- دوارۆژ ڕەنگە تەواو ڕوون نەبێت، بەڵام مەهاباد قەرەداغی گەشبینە. بە هەر حاڵ یەک شت دڵنیایە. کە ئەو هەرگیز بێدەنگ نابێت.
- مەهاباد قەرەداغی داوا دەکات،هەمان هەلومەرج بۆ پیاوان و ژنان فەراهەم بکرێت، هەمان مافیان هەبێت و هەمان ئەرک و بەرپرسیارێتییان هەبێت.
- قەرەداغی باوەڕی بە خۆیەتی، هەروەها باوەڕی بە حکومەتی هەرێمی کوردستانە. سەرۆک وەزیرانی نوێ پیاوێکی گەنجە بە بیروبۆچوونێکی نوێخوازەوە.

**بە چواردەساڵی مەهاباد قەرەداغی بەهۆی شیعرەکانییەوە لە زیندانەکانی عێراق دەنرێ. وەک ژن، کورد و ڕەخنەگرێکی چالاک لە ڕژێم بە 27 ساڵی ناچار دەبێ کوردستانی عێراق بەجێبهێڵێ. لە سوێد بەردەوامی بە چالاکی دەدات لە بواری مافی مرۆڤ و پرسی ئافرەت، لە ناو ئەوانە لە ڕێکخراوی نێونەتەوەیی پرۆژەی ژنی کورد. بەڵام لە هاویندا دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان بۆ ئەوەی وەک ڕاوێژکار کار بکات لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.**

مەهاباد قەرەداغی شپرزەیە، تەلەفۆنە مۆبایلەکەی دەکوژێنێتەوە، کە بەردەوام زەنگ لێدەدات. بە تەواوی شپرزە دیارە لە پێش کۆنفرانسێک لەسەر ژنان کە قەراربوو لە کۆتایی هەفتەی پێش چاوپێکەوتنەکەمان سازبکرێت. بەڵام بە خەندەیەکەوە باس لە کارە تازەکەی دەکات، وەک تر دەموچاوی زۆر جیددییە. ئەو دەڵێ:

- سەرۆکی وەزیران کتێبەکانی خوێندبووەوە کە سەبارەت بە پرسی ژن نووسیوومە. من هەوڵ دەدەم ئەزموونەکانی خۆم لەبارەی پرسی یەکسانی لە سوێدەوە بۆ کوردستان بگوێزمەوە.

مەهاباد قەرەداغی ڕۆژنامەوان و نووسەرە. لە هەموو ژیانیدا دەربارەی چەوساندنەوەی گەلی کورد و ژنی کورد نووسیوویەتی. ئەو پێی وایە هێشتاش ژێردەستی ژنان لە سیاسەتی کوردیدا زۆر برەوی هەیە.

دوای ساڵی 1991، کە فەرمانڕەوایی کورد بۆ خۆی دەستی پێکرد زۆر گۆڕانکاری ڕووی دا، بەڵام هێشتاش زۆر یاسای باوکسالارانە کە لە سەر بناغەی ڕێساکانی ئایین داڕێژراوە کاریان پێدەکرێت. هێشتاش ژنان بە نیوە مرۆڤ دەژمێردرێن، بۆ نموونە لە شایەتیدان لە دادگادا دوو ژن یەکسانە بە یەک پیاو.

لە پلانی "سیاسەتی یەکسانی" حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە ئەمساڵ لە ڕۆژی جیهانی ژناندا بە ڕای گشتی ناسێندرا، مەهاباد قەرەداغی داوا دەکات، بۆ نموونە: هەمان هەلومەرج بۆ پیاوان و ژنان فەراهەم بکرێت، هەمان مافیان هەبێت و هەمان ئەرک و بەرپرسیارێتییان هەبێت. هەروەها داوا دەکات کە هەڵاواردنی ئەرێنی لە بەرژەوەندی ئافرەتاندا بکرێت. هەروەها پێشنیار دەکات باخچەی ساوایان و منداڵان زۆر بکرێتەوە و نۆ ساڵ خوێندنی خۆڕایی و ئیجباری لە قوتابخانەکانی کورستاندا بکرێت.

ئایا ئەم کارە دەشێ بکرێ؟ قەرەداغی باوەڕی بە خۆیەتی، هەروەها باوەڕی بە حکومەتی هەرێمی کوردستانە. سەرۆک وەزیرانی نوێ پیاوێکی گەنجە بە بیروبۆچوونێکی نوێخوازەوە، کە کەسێکی وا پشتیوانی بکات، شانسێکی زۆر هەیە بۆ دانانی یاسای نوێ کە بۆ ژنانی کوردستان پڕ بایەخە.

– زۆر جێی بایەخ دەبێت. سیستەمی پەروەردە پێویستە بە تەواوی بگۆڕدرێت. ئەوەی ئێستا هەیە کتێبەکانی خوێندن پڕن لە بیری باوکسالاری. ئەو دەڵێ: من لە هەموو ژیانمدا بۆ مافی مرۆڤ تێکۆشاوم و ئێستا ئەو شانسەم هەیە کە لە نێو حکومەتدا کاریگەرییم هەبێت.

قەرەداغی لیستەیەکی شایستەی هەیە بۆ چالاکییەکانی. بە کوردی 23 پەرتووکی داوەتە دەرەوە، لە نێو ئەوانەدا چەند پەرتووک لەبارەی پرسەکانی کۆمەڵگە، پرسی ژن، هەروەها ڕۆمان و شیعریش.

لە کتێبخانەکانی سوێددا زۆربەی کتێبەکانی کە بە کوردی نووسراون، هەن. دانەیەکیشیان دیوانی شیعرییە بە زمانی سوێدی بە ناوی باڵندە بەفرینەکان "Snö Fåglar" . ئێستا قەرەداغی خەریکی نووسینەوەی بیرەوەرییەکانییەتی (ساڵێک لە دۆزەخ)، کە ئەمساڵ بە چاپ دەگات. لەناو ئەم پەرتووکەدا باسی ئەزموونەکانی خۆی دەکات وەک شاعیرێکی چواردەساڵی لە نێو زیندانەکانی عێراق.

– من لە تەمەنی 12 ساڵی دەستم بە نووسینی شیعر کرد. لە بارەی ڕزگاری گەلی کوردەوە دەمنووسی کە لە ژێر دەستی ڕژێمی عێراقدا دەچەوسێندرایەوە.

قەرەداغی بێدەنگ دەبێت و تەماشای دوور دەکات. لە زیندان هەڕەشەیان لێکردبوو زمانی ببڕن ئەگەر باسی ئەشکەنجەکانی بکات. بەڵام دیسانیش نەیویست بێدەنگ بێت. ئەو لە خێزانێکی سیاسی چالاکەوە دێت، کە مرۆڤ ڕاوبۆچوونی خۆی هەرچی بێت دەریدەبڕێت.

– من وەک چواردەساڵانێک زیندان کرام. تێدەکۆشم و نامەوێ کەسی تر ئەو چارەنووسەی منی هەبێت.

ئەو دەڵێ: ژنان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ژێردەستەن. هەروەها ڕەخنە لە ڕێکخراوەکانی سوید دەگرێت بۆ ئەو بێدەنگییەیان.

– سوید دەتوانێت یارمەتی حکومەتی کوردستان بدات. ئێمە پێویستمان بە هاوکارییە بۆ ئەوەی کاریگەری دابنێین و کاری یەکسانی لە کوردستاندا خێرا بکەینەوە.

مەهاباد هەڵدەستێت و تەلەفۆنەکەی دەست بە زەنگ لێدان دەکاتەوە. لەم چەند هەفتەیەی دواییدا مەهاباد ڕۆژی 18 تا 20 سەعات کاری کردووە بۆ کۆنفرانسی نێونەتەوەیی ژنانی کورد کە لە کۆتایی هەفتەدا دەبەسترێت. ئەو دەڵێ: بۆئەو کۆنفرانسە زۆر ژنی کوردی خەباتکار لەکوردستانەوە دێن. کۆنفرانسەکە لە ژێر ناوی "ژنانی باشووری کوردستان و بنیاتنانی کۆمەڵگەی مەدەنی"یە. بە هیواین سەرۆکی وەزیران "بارزانی"یش ئامادەی بێت. بەڵام تا کاتی چاوپێکەوتنەکەش بە تەواوی نەدەزانرا.

پاش کۆنفرانسەکە دەیەوێ تەنها هەندێک بخەوێ، ئینجا دەست بکاتەوە بە کاری بیۆگرافییەکەی. لە مانگی جوون دا بارگەی پێکەوە دەنێت و خۆی و هاوسەر و منداڵەکەی دەگەڕێنەوە بۆماڵەوە ، بۆ کوردستان.

دوارۆژ ڕەنگە تەواو ڕوون نەبێت، بەڵام مەهاباد قەرەداغی گەشبینە. بە هەر حاڵ یەک شت دڵنیایە. کە ئەو هەرگیز بێدەنگ نابێت.

......

سەرچاوە:

Stockholms fria tidning ژمارە 18 ساڵی 5، لە مێژووی 7ی مەی 2005، لاپەڕەی 9 ناوخۆ.

هەمان چاوپێکەوتن لە ڕۆژنامەی سەربەخۆی گۆتەنبەرگ Göteborgs fria tidning یش بڵاوکراوەتەوە.